# ئاسايشی سلێمانی حسێن صاڵح ناسراوبە (وەستا حسێن) دەستگیر ئەکات

ئێوارەی ئەمڕۆ 4/12 لەکاتی دابەشکردنی ڕاگەیاندنی دەستە داکۆکی لەداخوازییەکان، لەناو بازاری شاری سلێمانی ئاسایشی سلێمانی وەستا حسێن صاڵح دەستگیر ئەکات و ڕاپێچی زیندان ئەکرێت، کە ڕاگەیاندنەکە پەیوەست بوو بە داکۆکی لەمافی زەوتکراوی کەس وکاری ئەنفالەکان و پشتیوانی لەخواستەکانیان کرابوو و داوای دادگایی کردنی جاش و ئەنفالچیەکانی تیاکرابوو.

ئەم ڕەفتارەی ئاسایش دوای زنجیرەیەك لە هەڵمەتی دەستگیرکردنی ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی دێت لەناوچەکانی کەلارو صمودو چەمچەماڵ و سلێمانی، دژ بەو کەسانەی کە داکۆکی لە داخوازییەکانی کەس وکاری ڕەش و ڕووتی ئەنفالەکان دەکەن. وە بەمەشەوە نەوەستاون و هێزێکی زۆری سەربازییان بەناو شاروو شارۆچکەکانی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی حزبەکەیان بڵاوکردۆتەوەو ئەیانەوێ لە ڕێگای هەڕەشەو سەرکوت و ملهوڕیەوە پاشەکشە بەخەڵکانێك بکەن کە هاتونەتە مەیدان بۆ دیفاع لە مافی کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال. ئەمەلەکاتێکدایە کە تاوانەکانیان لەهەڵەبجە بیرنەچونەتەوەو هێشتا مەرگی کوردە مانگێکی بەسەردا تێپەڕ نەبووەو ژمارەیەکیش لەگیراوەکان تائێستا ئازاد نەکراون. هەربۆیە ئەرکی هەرکەسێکی ئینساندۆست و لایەنگر لەئازادی و مافەکانی مرۆڤە، کە ئەم ڕیسواگەریە ڕیسواترو مەحکومی بکەن و، بەشێوازی جۆراوجۆر فشار بۆ یەکێتی نیشتمانی بهێنن کە ڕێز لەئازادی و ئیرادەو خواستەکانی خەڵك بگرێت.

**ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/4/12